# هەڵوێستی مەولەوی لەبارەی هاوەڵان و شوێنکەوتوان و ئیمامەتەوە (توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفییە)

پ.د.ئاراس محمد صالح
زانکۆی سلێمانی

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە ٢٠٢٤/١٠/١٢
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە ٢٠٢٥/٠٦/٢٢

**کورتەی توێژینەوە:**

هەڵوێستی مەولەوی لەبارەی هاوەڵان و شوێنکەوتوان و ئیمامەتەوە

ئەم توێژینەوە لەبارەی هەڵوێستی شاعیر گەورە مەولەویەوە ئەدوێ دەربارەی هاوەڵانی پێغەمبەرو(د.خ) شوێنکەوتوانی و ئەو کێشەو ململانێیەی کەوتووەتە نێوانیان لەڕۆژگاری خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیبدا، هەروەها هەڵوێست و جیاوازیان لەبارەی خەلافەت و ئیمامەتەوەو ئەو ڕوداوانەی بەو هۆیانەوە ڕوویانداوە.

شاعیری بەهرەمەند مەولەوی لەگەڵ ئەوەدا شاعیرێکی بەرز بووە، لەهەمان کاتدا زانایەکی ئاینی گەورە بووە، لەڕۆژگاری فەقێیەتیدا سەردانی شاری سنەو سنوری میرایەتی ئەردەڵانی ئەو سەردەمەی کردووەو لەگەڵ مەلا شیعەکاندا بەریەکەوتن و پەیڤینیان هەبووە، هەرئەمەش کاریگەری لەسەر مەولەوی هەبووەو لە بەرهەمە کەلامیەکانیدا ئاماژەی بە تێگەیشتن و بۆچوونی خۆی کردووە لەبارەی کێشەی نێوان هاوەڵان و شوێنکەوتوان و بابەتەکانی خەلافەت و ئیمامەت لای زانایانی موسڵمان.

## پێشەکی

مەولەوی وەک شاعیرێکی گەورەو وەک زانایەکی ئاینی بە توانا، جگە لەوەی شاعیرێکی مەزن بووە، کۆمەڵێک بەرهەمی ئاینی بەپێزی هەیە، ئەوەی تێبینی دەکرێت بەرهەمە ئاینییەکانی مەولەوی زیاتر بابەتی زانستی کەلام و بابەتە عەقڵیەکانی نێو ئەدەبیاتی ئیسلامیە، ئەم باسانەش هەتا ئێستا گرنگی و بایەخی زۆریان.

ڕەنگدانەوەی زۆری بابەتە کەلامیەکان لای مەولەوی جۆرێک لە کاردانەوەو پەرچەکرداری ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و ئاینی و مەزهەبیە بووە کە مەولەوی تێکەڵاوی بووە، بەسەربردنی ساڵانێکی خوێندنی لە شاری سنەو بەریەککەوتنی لەگەڵ شوێنکەوتوانی مەزهەبی ئیمامی و دبیەت و مونازەرەکانی لەگەڵ زانایانی ئێرانی و جیاوازی بۆچوونیان لەبارەی هاوەڵان و شوێنکەوتوان و کێشەی نێوانیان و بابەتەکانی ئیمامەتەوە، هەموو ئەمانە کاریگەری هەبووە لەسەر بەرهەمەکانی مەولەوی و نووسینی لەوبارەیەوە.

ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ شرۆڤەکردنی بۆچوونەکانی مەولەوی لەبارەی هاوەڵان و شوێنکەوتوان و ئەو جیاوازیانەی کە هەیە لە نێوان زانایان ئەهلی سونەت و شیعەدا لەبارەیانەوە.

گرنگی تویژینەوە: بابەتی هەڵوێست لەبارەی هاوەڵان و شوێنکەوتوان و ئیمامەتەوە وەک بەشێک لە باسە کەلامیەکان کە لەناو بەرهەمەکانی مەولەویدا ڕەنگدانەوەی زۆریان هەیە، هەتا ئێستا ئەوەندەی توێژەر ئاگاداربێت توێژینەوەی زانستیان لەبارەوە نەکراوە، ئەم هەوڵە هەنگاوێکە ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە، هەر لێرەشەوە گرنگی بابەتەکە زیاتر دەردەکەوێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە باسی زانستی کەلام و بنەمانی ئاینەوە.

ڕیبازی توێژینەوە: ئەم توێژینەوە بە ڕیبازی وەسفی شیکاری دەنووسرێت.

وشە کلیلیەکان: هەڵوێست، مەولەوی، هاوەڵان، شوێنکەوتوان، ئیمامەت.

sjh@univsul.edu.iq

## دەستپێک

### کورتەیەک لەبارەی ڕەوشی زانستی و ئاینیەوە لە ڕۆژگاری مەولەوی دا

مەلا عەبدولڕەحیمی مەولەوی (١٨٠٦-١٨٨٢) لە ژینگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاینیدا وەهادا گەورە بووەو گەشەی کردووە، کە ململانێی مەزهەبی لە ناوچەکەدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەشێکی زۆری ژیانی فەقێیەتی و خوێندنی مەولەوی لە ڕۆژهەڵات و لە شاری سنەدا بووە، لەو ڕۆژگارەدا بە کاریگەری میرەکانی ئەردەڵان و نزیکی لە ژینگەی مەزهەبی ئێرانەوە، لەناو شاری سنەدا ململانێی مەزهەبی کەوتووەتە ناو مزگەوت و خوێندنگە ئاینیەکانی ئەو شارەوە (مودەڕیس، یادی مەردان، ب٢ل٣٦٢).

بێگومان فەقێیەکی زیرەک و هۆشیاری وەک مەولەوی لەو ژینگە ئاینی و زانستیەدا گەشەی کردووە، هەر ئەوەشە نهێنی بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی مەولەوی بریتیە لە زانستەکانی کەلام (المدرس، علماؤنا، ص٢٨٦-٢٨٧). مەولەوی لەو بەرهەمە بە پێزانەیدا بە تایبەتی (العقیدة المرضیة)ی چەند بەشێکی تەرخانکردووە بۆ باسی هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ)و شوێنکەوتوان و ئەو کێشەوبەرەی کەوتووەتە نێوانیان لە ڕۆژگاری خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب و دواتردا، هەتا گەیشتووەتە جەنگ و بەریەککەوتنی چەکداری (مودەڕیس، عەقیدەی مەرضیة ،ل٤٦٥).

لە ڕۆژگاری مەولەویدا شوێنێکی وەک تەوێڵە کە ناوەندی تەریقەتی نەقشبەندی بووەو شێخ عوسمانی سیراجەدینی یەکەم ڕابەری ئەو تەریقەتە بووە (قەرەداغی، هەڵبژاردەیەک، ل٤-٥). مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی و مەولەوی و شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفای کوری و چەند کەسێکی تر لە ساڵی (١٢٧١ک-١٨٥٥ز) ناردووە بۆ لای ئەمانۆڵاخانی کوڕی خەسرەوخانی والی ئەردەڵان لە سنە کە نازناوی (غوڵامشا خان) بووە.

مەبەستی ئەو سەردانە بۆلای والی سنە بۆ بابەتێکی ئاینی و مەزهەبی بووە، ئەمانۆڵاخانی والی سنە لەو کاتەدا چووەتە سەر مەزهەبی شیعە، شێخی سیراجەدین ئەم زانایانەی ناردووە بۆ ئەوەی پەشیمانی بکەنەوەو بگەڕێتەوە سەر مەزهەبی ئەهلی سونەت، لەکاتی چوونیان بۆ سنە لەلایەن خەڵکەکەوە پێشوازی گەرمیان لێکراوەو ڕێزی زۆریان گرتوون.

لەو سەفەرەیاندا بۆ سنە چەند ڕۆژێک ماونەتەوەو چەند جارێک چاویان بە ئەمانۆڵاخان کەوتوەو گفتوگۆیان کردووە لەبارەی هەردوو مەزهەبی ئەهلی سونەت و شیعەوە، بەڵام ئەمانۆڵاخان لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام بووە، ئەمانیش دوای چەند ڕۆژێک بە دڵگرانیەکی زۆرەوە گەڕاونەتەوە بۆ تەوێڵە ( مودەڕیس، یادی مەردان، ب٢ل٣٧٠-٣٧١).

هەر لەبارەی کێشەی مەزهەبی و بابەتە کەلامیەکانەوە مەولەوی نامەیەکی درێژی بە زمانی فارسی ناردووە بۆ فەرهاد میرزای والی سنەو ئامۆژگاری زۆری کردووە، لەنامەکەی مەولەویەوە دەردەکەوێت کە لە وەڵامی نامەیەکی فەرهاد میرزادا نووسرابێت.

لەم نامەیەدا مەولەوی زۆر ئازایانەو ڕاشکاوانە باسی ئەوەی کردووە کە ڕێبازی ئەهلی سونەت ڕێگای هەق و ڕزگارییە، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەهلی سونەت بەچاوی ڕێزو گەورەییەوە سەیری هەموو هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) دەکەن، داوای لە فەرهاد میرزا کردووە کە بەهیچ جۆرێک جنێو و قسەی ناشیرین بە هاوڵانی پێغەمبەر نەڵێن، چونکە ئەو کردەوانە پێچەوانەی ئیسلامە (مودەڕیس، یادی مەردان، ب٢ل٤٥٥).

لەو نامەیەوە گەورەیی و ئازایەتی مەولەوی زیاتر دەردەکەوێت، لەو ڕۆژگارەدا فەرهاد میرزا والی سنە بووەو خاوەن دەسەڵات و هێز بووە، لە هەمان کاتدا مامی شا ناصرەدینی قاجار بووە، بەڵام مەولەوی گوێی بەوانە نەداوەو زۆر ئازایانە بەرگری لە هەڵوێستی ئاینی خۆی کردووەو لەو پێناوشەدا لە هیچ شتێک نەترساوە.

هەروەها نامەی ناردووە بۆ موعتەمەدولدەولە فەرهاد میرزا نووسیوەو لە نامەکەیەوە دەردەکەوێت کە لە وەڵامی نامەی ناوبراودا نووسرابێت، لە نامەکەی مەولەویدا ئەوە دەخوێنرێتەوە کە گفتوگۆیەکی مەزهەبیان هەبووەو مەولەوی لەوبارەوە ئامۆژگاری کردووە (مودەڕیس، یادی مەردان، ب٢ل٤٥٦-٤٥٧).

یەکێکی تر لەو کاربەدەستانەی سنوری میرایەتی ئەردەڵان کە لەگەڵ مەولەوی نامەگۆڕینەوەیان هەبووەو مەولەوی نامەی بۆ ناردووە حوسامولسەڵتەنەی والی کرماشان و مامی ناصرەدینی قاجار بووە، ئەم کاربەدەستانە زانای ئاینی و ئەدیب بوون، لەگەڵ مەولەویدا گفتوگۆی زانستیان کردووە، مەولەوی وەک زانایەکی ئازاو خەمخۆرێکی ئاین هیچ جۆرە ڕوپامایییەکی نەکردوون و زۆر ڕاشکاوانە هەڵوێستی ئاینی خۆی پێراگەیاندوون (مودەڕیس، یادی مەردان، ب٢ل٤٥٦).

ئەو ژینگە ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەی کە مەولەوی تێدا ژیاوە لە ڕۆژگاری خۆیدا کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر هەستی ئاینی ئەم شاعیرە گەورەیە، بێگومان ئەو بارودۆخە ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە لەسەر بەرهەمەکانی ئەم زانا خواناسەو لە ئاستی ئەو هێرشانەدا بێدەنگ نەبووە کە کراوەتە سەر یارو هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) و بە زمانێکی زانستی وەڵامی داونەتەوە (المدرس، علماؤنا ص٢٨٦-٣٨٨).

sjh@univsul.edu.iq

مەولەوی لە دێرە هۆنراوەیەکیدا بە ڕاشکاوی ئاماژەی بە بەریەککەوتنی خۆی لەگەڵ شیعەکاندا کردووەو مشتومڕی جیاوازی بیروبۆچوون لەبارەی هاوەڵان و شوێنکەوتوانەوە کەوتووتوەتە نێوانیان وەکو ئەڵێت:

**شیعەیێ وتی: بە کەعبەی ئەعظەم**
**تا بمێنم لەعن یەزید هەر دەکەم**
**وتم: بە کەلام حەزرەتی (العلیم)**
**تا بمرم (محب) حەزرەتی (عەلی)م**

(مەولەوی، عەقیدەی مەرضیة، ص٤٧٢).

لێرەدا شاعیر بە ڕاشکاوی باسی بەریەککەوتن و مشتومڕی نێوان خۆی و کەسێکی شیعە مەزهەب دەکات، شیعەکە سوێندی خواردووە بە کەعبەی پیرۆز کە هەتا بمێنێ نەفرەت لە یەزیدی کوڕی موعاویە دەکات، مەولەویش سوێندی خواردووە بە قورئانی پیرۆز هەتا بمێنێ خۆشەویستی بۆ خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب هەبێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەڵوێستی ئەهلی سونەت کە جیاوازی لە نێوان هاوەڵان و خەلیفەکانی ڕاشدیندا ناکەن,

باسی یەکەم

بۆچوونی مەولەوی لەسەر هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ)

مەلەوی وەک زانایەکی ئاینی هەڵوێستی وەک زانایانی ئەهلی سونەت بەرامبەر هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) هەڵوێستێکی هاوسەنگە بووە، ئەم زانا بەهرەمەندە خۆشەویستی زۆری بۆ هاوەڵان هەبووەو هەموویان بە ڕاستگۆ و دەستپاک و ئەمین داناوە، هاوەڵانی پێغەمبەر لای زانایانی ئەهلی سونەت و بەپێی کتێبە کەلامیەکانیان هەموویان ڕاستگۆو دەسپاکن (العدول)، هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) شەرەفی هاوەڵێتی پێغەمبەریان وەرگرتووەو ئاینیان لە خودی پێغەمبەرەوە(د.خ) وەرگرتووە (حنبل، فضائل الصحابة، ص٢٩-٣٠).

هەروەها ئەو هاوەڵانە قورئانی پیرۆزیان لە پێغەمبەرەوە(د.خ) وەرگرتووەو بەدەستی ئەوان ئایەتەکانی قورئان نووسراوەتەوەو لە سنگیاندا پارێزراوە، لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(د.خ) قورئانیان کۆکردوەتەوەو کردوویان بە یەک شێوە نووسین و مەصحەف، لەهەمان کاتدا سونەتی پێغەمبەریان بەشێوەیەکی کردەیی لە پێغەمبەر(د.خ) وەرگرتووە، فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ) لە دەمی هاوەڵانەوە گێڕراوەتەوەو گەیشتوەتە دەستی زانایان فەرمودە، هەر لێرەوە گەورەیی هاوەڵانی پێغەمبەر زیاتر دەرکەوێت، واتە: ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە هەردوو سەرچاوەکەیەوە بە ئەمانەتەوە هاوەڵان پاراستوویانە گەیاندوویانەتە دەست نەوەکانی دوای خۆیان (الطیار، المحرر فی علوم القران، ص١٤٧).

هەروەکو مەولەوی فەرمویەتی:

**طەعنە لە ئەصحاب سەییدی سەروەر**
**طەعنە لە دینە، نییە باخەبەر**
**ئاخر ئەم دینی ئیسلامی پاکە**
**باعیثی چاکەی دنیاو عوقباکە**
**لەوانەوە هات گەیشتە ئێمە**
**بەوان پاراو بوو ئەم زەویی دێمە**
**ڕوواتی ثوقات عودوول ئەوانن**
**خوداو ڕەسول وان لە مەدحیاندا**
**مونکیر وان لە (ذم) لە قەدحیاندا.**

(مەولەوی، عەقیدەی مەرضیة، ص٤٧٤).

واتە: ڕەخنەگرتن لە هاوەڵان ڕەخنە گرتنە لە دین، چونکە ئەم دینەوە لەوە گەیشتوەتە دەست موسڵمانانی دوای خۆیان، ئەم دینەی کە چاکەی دنیاو قیامەتی مرۆڤە، هەموو هاوەڵان گێڕەرەوەی باوەڕپێکراون، خواو پێغەمبەر(د.خ) ستایشیان کردوون،

کەسێک خوا و پێغەمبەر بە چاک و ڕاستگۆ وەسفیان بکات، ئیتر خەڵکی خراپ چۆن ڕەخنەیان لێدەگرێت گومان لەسەر دەستپاکیان دروست دەکات,

بەشێوەیەکی تر گومان دروستکردن لەسەر (العدل)ی هاوەڵان، گومان دروستکردنە لەسەر بنەما سەرەکیەکانی ئیسلام کە قورئان و سونەتی پێغەمبەرە(د.خ)، بە دەقی فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ) خۆشەویستی هاوەڵان بەشێکە لە ئیمان و دژایەتیان بەشێکە لە کوفرو لە ئاین دەرچوون. هەربۆیە بابەتی خۆشەویستی هاوەڵان چووەتە ناوکتێبەکانی بیروباوەڕی ئیسلامەوە، جگە لەوەی وەک جۆرێک لە ململانێی مەزهەبی کاریگەری هەبووە لەسەرئەوەی بکرێتە بابەتێکی کەلامی (السعدي، ص205).

هەر ئەوەشە پاڵنەری ئەوەی کە زانایەکە گەورەی وەک مەولەوی بەشێک لە کتێبەکەی (عەقیدەی مەرضیەی) تەرخانکردووە بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ئەهلی سونەت لەبارەی هاوەڵانەوە، هەروەکو لە سەرەتای ئەو بەشەدا فەرمویەتی:

**خەیری ئەو ذەوات (ذات الكرامة)**
**فیرقەی عەلییەی صەحبی کیرامە**
**ئەوانەن ئەوان، چاکیان بناس،**
**(خير أمة أخرجت للناس)**
**ئەدەس ئەوان کەوت دەرجەی قوبوول**
**ڕەزامەندی حەق، صوحبەتی ڕەسول**
**بکە بە چاوی دڵ تەماشایان**
**لە قورئانەدا مەدح و ثەنایان**
**ئینصافت بوێ نەظەر کە ورد ورد**
**چلۆنە شەخصێ خودا ثەنای کرد**
**نەک هەر بە جایێ، جا یەکێ، جا دوو،**
**ڕاس وە بێ جادوو، (جاهدوا، جادوا)**

(مەولەوی، عەقیدەی مەرضیة، ص٤٦٥).

واتە: چاکترین دۆستانی خوداو، باڵاترین کەسانی خاوەن کەرامەت تیپی پایەبەرزی هاوڕێیانی پێغەمبەرن(د.خ)، باشیان بناسن، ئەوانەن کە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەربارەیان فەرمویەتی: (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ...) ال عمران: ١١٠. ئەوانەن کە پایەی قبوڵیان لای خواوە دەستکەوتووە، خودای گەورە لێیان ڕازیەو بە هاوڕێیەتی پێغەمبەر شەرەفیاب بوون.

بە چاوی دڵ، بە قووڵی تەماشایان بکە، وردبەرەوە کە چۆن خودای گەورە گەلێ جار لە قورئانی پیرۆزدا ستایشی کردوون، وەک ئایەتی: (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ...) ال عمران:110. جاری وا هەیە تەنها ستایشی یەکێکی کردووە، وەک ئایەتی: (إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا ...) التوبة:40. کە ستایشی حەزرەتی ئەبوبەکری تێدایە، جاری واش هەیە ستایشی کۆمەڵێکیانی کردووە، وەک ئایەتی: (وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا) الانسان:8. لەم ئایەتانەداو چەندین ئایەتی تردا خوای گەورە ستایشی هاوەڵانی پێغەمبەری کردووە، هەروەها دەیان فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ) لەباسی گەورەیی هاوەڵاندا، بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایە کە چەند گەورەو خاوەن پایەن لای خوای گەورە. (مەولەوی عەقیدەی مەرضیة، ص٤٦٦-٤٦٧).

هەر لەبارەی پێگەی هاوەڵانەوە مەولەوی فەرمویەتی:

**دەزانی نەکەی ئەر لە حەق عدوول،**
**ذو اجتهاد كلهم، عدول**
**ليس لهم من أحد معادل**
**ولما جرى منهم محامل**
**بهوى النفس أصلا ما التحق**
**بل كان للحق في الحق على الحق**
**کوژیاگ و بکوژ وان لە گوڵ گەشتدا**

sjh@univsul.edu.iq

**لە گوڵ گەشتی دەشت صەحرای بەهەشتدا**

(مەولەوی، عەقیدەی مەرضية، ص٤٦٨).

واتە: ڕێگەی ڕاست ئەوەیە کە یارانی پێغەمبەر(د.خ) هەموویان عادل بوون، کەس لە موسڵمانان دوای چینی هاوەڵان هاوتایان نیە، ئەو شەڕو کێشانەی نێوانیان گومانی خێریان پێدەبەین و تەفسیرێکی وەهای دەکەین کە شتێکی خراپ نەکەوێتە سەریان، بێگومان ئەو شەڕانەی لە نێوانیاندا ڕوویداوە لە هەوای نەفس و ئارەزووەوە نەبووە، بەڵکو ئیجتهادیان کردووەو نیەتیان تەنها ڕەزامەندی خوا بووە، بەپێی ئیجتیهادی خۆیان هەردولایان لەسەر حەق بوون، ئەوانەی کوژراون و ئەوانەی بکوژ بوون دەچنە بەهەشتەوە. (مەولەوی، عەقیدەی مەرضية، ص٤٦٩).

لەبارەی ڕوداوەکانی نێوان هاوەڵانەوە ئەم شاعیرە خواناسە هۆی ئەو کێشانە دەگێڕێتەوە بۆ ئیجتهاد و لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە ئەگەر کەسێکیش ئیجتیهادی کردە حەقی پێکا ئەوا دوو پاداشت لای خوا وەردەگرێت، ئەگەر حەقیشی نەپێکا ئەوا پاداشتێک وەردەگرێت و وەکو فەرمویەتی:

**بۆی دەبێت هەر یەک بە قەدەر نەصیب**
**ئەجرێ بۆ موخطئ، دوان بۆ موصیب**
**جوننەی ئیجتیهاد ئەصحابی جەننەت**
**نایبا تیری طەعن ئەربابی جیننەت.**

(مەولەوی، عەقیدەی مەرضية، ص٤٦٨).

مەولەوی ڕوداوەکانی نێوان هاوڵان دەگێڕێتەوە بۆ ئیجتیهاد، لە ڕوانگەی ئیسلامیشەوە ئەگەر کەسێک ئیجتیهادی کرد ئەگەر حەقی پێکا دوو پاداشت لای خوای گەورە وەردەگرێت، ئەگەر نەشیپێکا پاداشتێک وەردەگرێت، هەروەکو پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی: (إذا حَكَمَ الحاكِمُ فاجْتَهَدَ ثُمَّ أصابَ فَلَهُ أجْرانِ، وإذا حَكَمَ فاجْتَهَدَ ثُمَّ أخْطَأَ فَلَهُ أجْرٌ) (البخاري، الرقم: 7352).

هەروەها حەزرەتی مەولەوی لەبارەی ئەو دەستەو مەزهەبانەوە کە جنێو بە هاوەڵان دەدەن و تانەو تەشەرو قسەی نابەجێیان لەبارەوە دەکەن فەرمویەتی:

**بوغض و شەتمیان، سەب، طەعن و لەعنەت**
**یا کوفرە، ئەڵبەت، یا فیسق و بیدعەت**
**ئەدووی هەرکامێ لەوانە کەوی**
**توشیاری یەکێ لەمانە دەوی.**

(مەولەوی، عەقیدەی مەرضية، ص٤٦٩).

لێرەدا مەولەوی دەیەوێت وەڵامی توندی ئەو دەستەو گروپانە بداتەوە کە بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی لەناو موسڵماناندا بوون و جنێو و نەفرەت و ڕق بەرامبەر هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) دەردەبڕن، لێرەدا مەولەوی هەڵوێستی ڕاشکاوانەی خۆی دەربڕیوە کە هەرکەس و لایەنێک ڕقی لە بەشێک لە هاوەڵان بێت، یان جنێویان پێبدات، یان پلاریان تێبگرێت و نەفرەتیان لێ بکات، ئەوە ئەو کەسە یان دەچێتە ناو بازنەی کوفرو بێباوەڕیەوە، یان دەبێتە ئەهلی فیسق و بیدعەت، کە هەردووکیان لە ئیسلامدا دوو پلەی زۆر خراپن.

هەربۆیە مەولەوی ئامۆژگاری موسڵمانانی کردووە لەو کردەوە خراپانە دوور بکەونەوەو شوێن کردەوەی ئەو مەزهەب و دەستەو تاقمانە نەکەون کە ڕقبوونەوە لە بەشێک لە هاوەڵە گەورەکانی پێغەمبەر(د.خ) و جنێوپێدان و نەفرەت لێکردنیان بووەتە بەشێک لە کردەوەی ڕۆژانەیان.

باسی دووەم

هەڵوێستی مەولەوی لەبارەی (یەزید)ەوە

یەکێک لەو شوێنکەوتوانەی مشتومڕی زۆری لەسەرە لە نێوان ئەهلی سونەت و شیعەدا، یەزیدی کوڕی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانە، یەزیدی کوڕی موعاویە دووەم خەلیفەی ئەمەویە، باوکی لە دوای خۆی کردوویەتی بە جێنشین و خەلیفەی

ئەمەوی، لە ساڵی (٦٠ ک) دوای کۆچی دوایی باوکی بووەتە خەلیفە، لە ساڵی (٦٤ک) کۆچی دوایی کردووە، ماوەی حوکمڕانیەکەی زۆری نەخایاندووە. (الذهبی، سیر أعلام، م٤ص٣٥).

لەبارەی یەزیدەوە جیاوازی بیروڕا لە نێوان ئەهلی سونەتیشدا هەیە، هەندێک بە پاشا (ملک)و پیاوێکی باش وەسفیان کردووە، هەندێکیش حوکمیان بە ڕوکەش (ظاهر) کردووەو وەک موسڵمانێکی گوناهبار سەیری دەکەن، لایەنی سێیەمیش بە کەسێکی لە ڕێگە دەرچوو سەیری دەکەن. (ابن تیمیة، محموع الفتاوی، م٣ص٤١٢-٤١٣).

لەو ماوە کەمەی حوکمڕانی یەزیدا کارەساتی کەربەلا ڕوویداوەو هاوەڵ و کچەزای پێغەمبەر(د.خ) حوسێنی کوڕی عەلی شەهید کراوە، هەروەها هێرشەکانی سەر هەردوو شاری پیرۆز مەکەو مەدینە بەرپابووە، ئەم ڕوداوانە کارەساتی گەورەن لای هەموو زانایان، هەندێک یەزید بێبەری دەکەن لەو تاوانانە، هەرچەندە لە گێڕانەوەی کارەساتی شەهیدکردنی ئیمامی حوسێندا زیادەڕەوی و گێڕانەوەی هەڵبەستراوی زۆر هەیە، بەڵام ئەوەی زۆرێک لە مێژوو نووسەکان لەسەری کۆکن کاتێک یەزید هەواڵەکەی بیستووە زۆری پێناخۆش بووە، دواتر ماڵ و مناڵ و کەسوکاری حسێنی بەڕێزەوە ناردوەتەوە بۆ مەدینە، زۆرێک لە مێژوونوسەکان بابەتی لێکردنەوەی سەری حسێن و بردنی بۆ دیمەشق ڕەتدەکەنەوە. (ابن تیمیة، م١ص٦٠٥).

لەگەڵ ئەو ڕوداوە سەختانەدا لە ڕۆژگاری یەزیدا کاری باشیشی کردوە، یەزید سەرکردایەتی لەشکری ئیسلامی کردووە لە فەتحی قوستنتینەدا و تێدا سەرکەوتوو بووە، پێغەمبەر(د.خ) موژدەی داوە ئەو لەشکرەی فەتحی قوستەنتینە دەکات خوا لێیانخۆشبووە. (البخاری، الرقم: ٢٩٢٤).

لەبارەی ئیمان و کردەوەی کەسێکەوە زانایانی ئەهلی سونەت حوکم بە زاهیر دەکەن، هەر موسڵمانێک کردەوەی خراپ بکات، وەک موسڵمانێکی گوناهبار سەیری دەکەن و ڕێگەیان نەداوە نەفرەتی لێبکرێت یان لە بازنەی ئیمان بکرێتەدەرەوە بەهۆی گوناهەوە، مادام ئەو کەسە ئیمانداربێت و کوفری ئاشکرای لێ نەبینرابێت. (الطحاوی، العقیدة الطحاویة، م٢ص٤٣٢).

مەولەوی لەبارەی یەزیدەوە هەڵوێستی زانایانی ئەهلی سونەت دووبارە دەکاتەوەو لەو بارەیەوە ئەڵێت:

**لەعنی یەزیدیچ بەحثی نەدەین طوول**
**ئیمان پەنهانەو خاتیمە مەجهوول**
**ڕاسە ئەفعالی قەبیحی زۆر کرد**
**بەڵێ چوزانی ئیمانی نەبرد؟!**
**لەعنەت یانێهای طەردێکی ئەبەد**
**لە ڕەحمەتی حەق ڕەحیمی سەرمەد.**

(مەولەوی، عەقیدەی مەرضیة، ل٤٧١).

لێرەدا مەولەوی وەڵامی ئەو دەستەو گروپانە دەداتەوە کە نەفرەت لە یەزیدی کوڕی موعاویە دەکەن، شاعیر ئاماژە بەوە دەکات کە کردەوەی خراپی زۆر کردووە، بەڵام بابەتی ئیمان شتێکی شاراوەیە لە نێوان خواو بەندەکانیدا، ئێمە نازانین کە یەزید لەسەر چ حاڵەتێک مردووە، نەفرەت کردن واتە دوورخستنەوەی کەسێک لە ڕەحمەتی خوا بۆ ئەبەد، ئەمەش پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلامە.

**بێ بورهان، دەخیل! کەی جائیز بوو کەی**
**حوکم بە لەعنی خوصووصی بکەی؟!**
**ئەر قوبحی فیعلی ظاهیر دەلیلە**
**صەد وەک من و تۆی تێدا ذەلیلە.**

(مەولەوی، عەقیدەی مەرضیة، ل٤٧١).

بێ بەڵگە کەی ڕەوا بووە نەفرەت لە کەسێکی دیاریکراو بکرێت؟ ئەگەر ئەو کەسە گوناهی ئاشکراشی هەبێت، سەدانی وەک من و ئێوە زەلیلی دەستی گوناهە کە بە ئاشکرا ئەنجامی دەدەین، کەواتە ئەگەر وابێت دەبێت نەفرەت لە ئێمەش بکرێت، ئەمەش پێچەوانەی پەیامی بەرزی ئیسلامە.

**نە لەعنی یەزید بێ حوججەت بکەین**
**نە لافی ئیخلاص بۆ حوسەین بدەین**
**چەند کەس هەن باغیض بۆ زاتی یەزید**
**مەوصووف بە وەصفی یەزید (بل یزید).**
(مەولەوی، عەقیدەی مەرضیة، ل٤٧١).

واتە: بەهیچ جۆرێک دروست نیە بەبێ بەڵگە نەفرەت لە یەزید بکەن، هەروەها شایەتی ئیخلاص بۆ حسێن بدەین، زۆر کەس هەیە ڕقی لە یەزیدە بەهۆی کردەوەکانیەوە، بەڵام خۆیان گوناهو تاوانیان زۆر لە یەزید زیاترە، یەکێک لە گوناهەکانیان نەفرەت کردنیانە لە کەسێکی وەک یەزید بەبێ بەڵگە.

**ذاتی یەزید و ئەوصافی حوسەین**
**پیاگێکیان لێ تەرکیب دەکەین**
**یەکێکیچ لە ذات حوسەینی شەهید**
**لە ڕەذائیلی یەزیدی پەلید**
**ئەو ببوغضێنن، ئەم بحوبێنن**
**بێن ئەو کەرە لەو هەڕگە دەربێنن**
**ئەمە دین نیە، پێی دەڵێن گەمە**
**خودا عالمە چی دەکەن ئەمە؟!.**

(مەولەوی، عەقیدەی مەرضیة، ل٤٧٢).

واتە: ئەگەر گریمان یەزید کردەوەکانی حسێنی هەبێت، وە حسێن خوانەخواستە کردەوەکانی یەزیدی هەبێت، دروستە نەفرەت لە حسێن بکەین و ڕقمان لێی بێت، دە وەرە ئەم هاوکێشە لێکدەرەوە، ئەم بابەتی نەفرەت لە یەزید کردنە نە دینە و نە دینیشی قبوڵی دەکات، کەسانێک هەزار ساڵ زیاترە گەڕاونەتەوە بۆلای خوای گەورە، کەی دروستە ئێستا قەزاوەت بکرێن و قسەی ناشیرین بەرامبەریان بکرێت، خوا خۆی زانایە ئەمانە چی دەکەن؟!.

باسی سێیەم

هەڵوێستی مەولەوی لەسەر ئیمامەت و خەلافەت

یەکێک لەو بابەتانەی مشتومڕی زۆری لەسەرە لە نێوان مەزهەبە ئیسلامیەکاندا بابەتی ئیمامەت و خەلافەتە، خەلافەت زیاتر زاراوەی ئەهلی سونەتەو ئیمامەت زاراوەی ئەهلی شیعەیە، ئەم بابەتە هەوەکو مەولەوی فەرمویەتی باسێکی فەرعیە نەک ئوصولی، واتە: بابەتێکی فیقهیەو بەشێک نیە لە بابەتە کەلامیەکان، بەڵام بەهۆی ململانێی نێوان ئەهلی سونە و شیعەوە کراوەتە بابەتێکی کەلامی و لەناو کتێبەکانی زانایانی کەلامدا جێگەی کراوەتەوە. (مەولەوی، عەقیدەی مەرضیة، ل٤٨١).

لەبارەی خەلافەت و ئیمامەت و حوکمی دانانی خەلیفەوە مەولەوی بۆچوونەکانی ئیمامی تەفتازانی دووبارە کردوەتەوە، لای ئەهلی سونەت دانانی خەلیفە واجبە لەسەر موسوڵمانان، چونکە ئیشوکاری دەوڵەت و بەڕێکردنی لەشکرو پاراستنی وڵات و جێبەجێکردنی حوکمەکانی شەریعەت بەبێ بوونی خەلیفەو دەسەڵاتێکی بەهێز جێبەجێ ناکرێن، جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەش بەبێ خەلیفە نابێت، کەواتە ئەوەی واجبێکی پێ تەواو بکرێت بەدیهێنانی واجب دەبێت، وەکو زانایانی ئوصول فەرمویانە: (مالا يتم واجب إلا به فهو واجب). (التفتازاني، شرح العقائد النسفية، ص467).

سەرەتا مەولەوی باسی خەلیفەکانی ڕاشدین دەکات، بەپێی ئەو ڕیزبەندیەی کە بوونەتە خەلیفە بە حەق و بەبەڵگەی بەهێزو کۆدەنگی هاوەڵانی پێغەمبەری(د.خ) لەسەر بووە، وەکو دەڵێت:

**حەقە خیلافەت ئەربەعەی ئەشراف**
**(بإجماع الصحب وبالاستخلاف)**
**هەرچۆن کەوا بوگە بەو تەرتیب**
**لەلای موجتەهید (ذو رأي) موصیب**
**ئای چلۆن دالە لێی ئای شامیخە**
**ڕەواسی سونەن ڕاس ڕاسیخە**
**(انظر لكل لكل واحد**
**ان فقدتها فلا تجاهد)**
**(اذ كفى الاجماع وهو معتمد**
**لم يكن إجماع إلا عن سند)**
**هەرگاهـ مەفادی ئیجماع قەطعی وێ**
**غەیری تەواتور با گشت ظنی وێ.**

(مەولەوی، عەقیدەی مەرضیة، ل٤٨٠).

واتە: خیلافەتی هەر چوار یاری گەورەی پێغەمبەر(د.خ) ڕاست و بێگومانە، بەڵگەی ئەمەش ئیجماع و یەک یەکگرتنی و قسەی هاوڵانە لەسەر جێنشینی هەر چوار خەلیفەی ڕاشدین، ئەم جێنشینەی بەو ڕیزبەندیەی کە بووە، ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی، بۆچوونی هەموو موجتەهیدێکی خاوەن بیروڕای ڕاستە. (مەولەوی، عەقیدەی مەرضیة، ل٤٨١).
بەهۆی ئەو جیاوازیەی هەیە لە نێوان ئەهلی سونەت و شیعەدا لەبارەی ئەوەی لە دوای پێغەمبەر(د.خ) کێ شایانی ئەوەبوە بکرێتە جێنشینی پێغەمبەر(د.خ)، کە لای ئەهلی سونەت بە کۆمەڵێک بەڵگەی قورئان و سونەت و ئیجماعی هاوەڵان، ئەبوبەکری صدیق بە خەلیفەی شەرعی داناوە، بەڵام لای شیعە خەلیفە عەلی کوڕی ئەبو تالیب بە لەپێشتر دەزانن، هەربۆیە ئەم باسە ڕەنگدانەوەی زۆری هەیە لە ناو کتێبە کەلامیەکاندا، کتێبەکانی ئەهلی سونەت هەموویان جەخت دەکەنەوە لەسەر شەرعیەتی ڕیزبەندیەکەو بەهێزترین بەڵگەشیان کۆدەنگی هاوەڵانە، هەروەکو مەولەویش زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر کۆدەنگی هاوەڵان، ئەگەر بەڵگەکانی قورئان و فەرمودەش (ظني) بن، ئەوە کۆدەنگی هاوەڵان (يقيني) یەقینەو قسە هەڵناگرێت. (مەولەوی، عەقیدەی مەرضیة، ل٤٨١).
دوای ئەمە مەولەوی دێتەسەر حوکمی دانانی خەلیفە، ئایا دانانی خەلیفە لەسەر کێ واجبە؟، وە بەڵگەی واجبونەکەی چیە؟ وەکو دەڵێت:

**ئیجماعە وجووب مەنصوبی ئیمام**
**لاکین ئیختیلاف هەس (بين الانام)**
**لەسەر حەق یاخۆ لەسەر بەرییە**
**دەلیلی سەمعی یاخۆ عەقڵییە؟**
**مەذهەبی ئەهلی حەقە بە قەطعی**
**واجبە لەسەر خەڵقی بە سەمعی**
**مەذاق تاڵ دەوێ لەم قصەی تاڵە**
**وجووب لەسەر (حق) ئەمری بەتاڵە.**

(مەولەوی، عەقیدەی مەرضیة، ل٤٨٤).

مەولەوی دەڵێت: دانانی ئیمام واجبە بەپێی بۆچوونی ئیجماعی موجتەهیدەکان، بەڵام جیاوازی لەوەدایە کە ئایا ئەم واجبە لەسەر خوایە یان بەندەکانی، ئایا بەڵگەی ئەم واجب بوونە بەڵگەی بیستراوە لە ئایەت و فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ)، یان بەڵگەی عەقڵییە؟، مەزهەبی حەق و ڕاست ئەوەیە کە دانانی ئیمام واجبە لەسەر خەڵکی، بەڵگەی نەقڵی و عەقڵی هەیە بۆ بابەتە، لەوانە: کۆدەنگی هاوەڵان کە لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر پێش هەموو شتێک خەلیفەیان هەڵبژارد، بۆ جێبەجێکردنی حەد و هەموو حوکمە شەرعیەکانی تر، بۆ نەهێشتنی خراپەو پاشاگەردانی و زۆر ئەرکی تر. (مەولەوی، عەقیدەی مەرضیة، ل٤٨٦-٤٨٧).
لە دوای ئەم باسانە مەولەوی وەڵامێکی زۆر لۆژیکی ئەو دەستەوگروپانە دەداتەوە کە پێیان وایە عەلی کوڕی ئەبوتالیب لە پێش هەموانەوە بووە بکرێتە خەلیفەی موسڵمانان، وەکو دەڵێت:

**یا کەسێ وەکوو حەزرەتی عەلی**
**صاحیب عیززەت و ڕیفعەتی جەلی**
**بە صەد چەندانەی بووبەکری صیدیق**
**صاحیب عەشرەت و وێ و شەوکەت بە تەحقیق**
**(ولا سيما أسدالله) وێ**
**موجتەهیدی واو لە (نص) ئاگا وێ**
**ئەو کەسە چلۆن لە کەس دەترسێ**
**یا لە تەقلیدی کەسێ دەپرسێ**
**بۆچ لەگەڵ ئەو سێ نەیکرد دەسوبرد**
**بۆچی دەگەڵ (معاويە)ی کرد؟.**

(مەولەوی، عەقیدەی مەرضیة، ل٤٨٥).

مەولەوی زۆر جوان بە بەڵگەی لۆژیکی عەقڵانی وەڵامی ئەو دەستەوگروپانە دەداتەوە کە عەلی کوڕی ئەبوتالیب بە شایەنی خەلیفەی یەکەم دەزانن لە دوا کۆچی دوایی پێغەمبەر(د.خ)، پێیان دەڵێت: بۆچی پێشەوا عەلی بێدەنگ بوو کاتێک ئەبوبەکری صدیق کرایە جینشینی پێغەمبەر، لەگەڵ ئەوەشدا لەو بەهێزتر بوو لە ڕووی عەشیرەت و دەسەڵاتەوە، موجتەدهیدێکی گەورەو ئاگاداری دەقەکانی قورئان فەرموده بوو؟.

کەسێکی وەها خاوەن دەسەڵات و توانای زانستی چۆن دەبێت بترسێت لە ئاستی حەقدا بێدەنگ بێت؟، یان چۆن لە تەقلیدی کەسێک ناپرسێتەوە، ئەی بۆچی کاتێک سێ کەس پێش ئەو دەکرێنە خەلیفەی موسڵمانان بێدەنگ دەبێت؟ بەڵام کاتێک موعاویە دەبێتە خەلیفە بێدەنگ نابێت و لە بەرامبەریدا دەوەستێتەوەو دان بە خەلافەتەکەیدا نانێت؟.

ئەم بەڵگە عەقڵیانەی مەولەوی زۆر بە هێزو لۆژیکین بۆ کەسانێک کە گوێ لە لۆژیک و قسەی ڕاست بگرن، چونکە دەکرێت ئەو دەستەو گروپانە گوێ بۆ ئایەت و فەرمودەش بگرن، بەڵام ئایەت و فەرمودەکان ڕاشکاو یەکلاکەرەوە (قطعی) نین و تەفسیری جیاواز هەڵدەگرن، بەڵام بەڵگە لۆژیکیەکانی مەولەوی هیچ گەردو گومانێک ناهێڵنەوە لەسەر هەڵوێستی پێشەوا عەلی و ڕاست و دروستی خەلافەتی سێ خەلیفەی پێش خۆی.

کۆتایی توێژینەوەو ئەنجامەکان

دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە لەبارەی هەڵوێستی مەولەویەوە لەسەر هاوەڵان و شوێنکەوتوانی پێغەمبەرو خەلافەت و ئیمامەتەوە، توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەڵوێستی مەولەوی لەبارەی هاوەڵانەوە، هەموویانی بە گەورەو خاوەن ڕێز و ئەهلی ئەمانەت (العدول) داناوەو هەڵوێستی زانایانی پێشینی نەتەوەی ئیسلامی دووپات کردوەتەوە.

هەروەها لەبارەی ئەو کێشەو ململانێی لە نێوان هاوەڵان و شوێنکەوتواندا ڕوویداوە، هەموو ئەو ڕوداوانەی گێڕاوەتەوە بۆ ئیجتیهادی هاوەڵان، هەروەها ئیجتیهاد کردن لە شەریعەتی ئیسلامدا ڕێگە پێدراوە بۆ کەسانی ئەهلی ئیجتیهاد، ئەگەر کەسێکی ئیجتیهادی کردوو حەقی پێکا ئەوا دوو پاداشتی هەیە لای خوا، وە ئەگەر بە هەڵەدا چوو، ئەو یەک پاداشت وەردەگرێت، هۆی ئەو ڕوداوانەی گێڕاوەتەوە بۆ ئیجتهادێک کە حەقی نەپێکاوە، وە هەردوو بەرەی شەکەرکەرو شەڕ لەگەڵ کراو بە بەهەشتی داناوە.

هەروەها مەولەوی دانانی خەلیفەو ئیمامی بە واجب داناوە لەسەر موسڵمانان، چونکە دانانی خەلیفە دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام و بەرقەرارکردنی هێمنی و ئاسایش و پاراستنی وڵات و دوورخستنەوەی لە پاشاگەردانی و داگیرکاری بێگانە.

مەلەوی لە کتێبی (عەقیدەی مەرضیە)دا هەڵوێستی زانایانی پێشینی ئەهلی سونەتی دووپاتکردوەتەوە لەبارەی هاوەڵان و شوێنکەوتوانی پێغەمبەرەوە، هەروەها هەڵوێستیان لەبارەی دانانی خەلیفەو ئەو هۆیانەی دانانی خەلیفەیان واجبکردووە، بەتایبەتی ڕێچەی ئیمامی تەفتازانی گرتووەو زۆرێک لە بۆچوونەکانی ئەوی لە کتێبی (شرح العقیدة النسفیة)وە گواستوەتەوە.

لیستی سەرچاوەکان

١ــ احمد ابن تيمية، مجموع فتاوى، شيخ الاسلام، الترتيب: عبدالرحمن بم محمد بن قاسم، الطبعة الأولى 2004م، السعودية.

٢ــ احمد بن إسماعيل بن إبراهيم البخاري، صحيح البخاري، ترقيم وترتيب محمد فؤاد عبدالباقي، تقديم العلامة احمد محمد شاكر، الطبعة الأولى، 1425هـ2004م، دار ابن الهيثم، القاهرة.

٣ــ احمد بن محمد الإمام أبو جعفر الطحاوي الحنفي، متن العقيدة الطحاوية بيان عقيدة أهل السنة والجماعة، الطبعة الأولى 1995، دار ابن حزم، بيروت-لبنان.

٤ــ احمد بن محمد بن حنبل، الامام، كتاب فضائل الصحابة، التحقيق: وصي الله محمد عباس، الطبعة الأولى 1983 دار العلم- السعودية.

5ــ بابە عەلی شێخ عومەر قەرەداغی، هەڵبژاردەیەک لە عەقیدەی مەرضیەی مەولەوی، چاپی یەکەم ١٩٨٥، بەغداد.

6ــ سعدالدين التفتازاني الهروي، الامام، شرح العقائد النسفية، الطبعة الأولى 2018، غجرات- الهند.

7ــ عبدالكريم المدرس، الملا، علماؤنا في خدمة العلم والدين، الطبعة الأولى 1983، بغداد.

8ــ عبدالملك عبدالرحمن السعدي، الدكتور، شرح النسفية في العقيدة الاسلامية، الطبعة الأولى 1985، بغداد،

9ــ علي بن علي بن محمد بن أبي العز الدمشقي، الامام القاضي، شرح العقيدة الطحاوية، التحقيق: الدكتور عبدالله عبدالمحسن التركي، و شعيب الأرناؤوط، بدون عدد الطبع ولا تاريخ النشر، مؤسسة الرسالة..

10ــ علي محمد محمد الصلابي، الدكتور، الدولة الأموية عوامل الازدهار وتداعيات الانهيار، الطبعة الأولى 2006، دار ابن كثير- دمشق.

11ــ عەبدولڕەحیم مەولەوی، دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپی یەکەم ١٣٨٩، سنە.

12ــ عەبدولڕەحیم مەولەوی، عەقیدەی مەرضیە، شەرح و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، پیاچوونەوەی فاتح عبدالكريم المدرس، چاپی یەکەم ١٩٨٨ بەغداد.

13ــ عەبدولکەریمی مودەڕیس، مەلا، یادی مەردان، چاپی یەکەم ١٩٨٣ بەغداد.

sjh@univsul.edu.iq

14ـ محمد بن احمد بن عثمان الذهبي، الإمام شمس الدين، سير أعلام النبلاء، التحقيق: شعيب الأرنؤط ومأمون الصاعرجي، الطبعة الثانية 1982 مؤسسة الرسالة- بيروت.
15ـ مساعد بن سليمان بن ناصر الطيار، الدكتور، المحرر في علوم القرآن، الطبعة الثالثة 2010، مركز الدراسات والمعلومات القرآنية، السعودية.
16ـ مسلم بن حجاج القشيري النيسباوري (206 – 261هـ) (صحيح مسلم) تصحيح وترقيم وتبويب محمد فؤاد عبدالباقي، الطبعة الأولى، 1412هـ – 1991م، دار الحديث القاهرة.

**ملخص البحث باللغة العربية:**

موقف مولوي حول الصحابة والتابعين والإمامة

هذا البحث يتناول الكلام عن موقف الشاعر مولوي حول الصحابة والتابعين والإمامة، وكذلك يتطرق الى التحدث عن الفتنة التي وقعت بين الصحابة في عهد خلافة علي بن أبي طالب ومن بعده حتى أدت الى القتال والصراع الدموي بين الصحابة.

إن السيد عبدالرحيم مولوي مع أنه شاعرا فذا وكذلك هو عالم كبير في مجال العلوم والإسلامية بشقيها النقلية والعقلية، لقد زار في وقت دراسته وبعده حدود الإمارة الأردلانية في شرق كردستان وله احتكاكات مع علماء أهل الشيعة، ودارت حوارات بينه وبين علماء الشيعة على كثير من المسائل الخلافية بين أهل السنة والشيعة، وخاصة مسألة الخلاف وقع بين المسلمين في عهد خلافة علي بن أبي طالب ومن بعده حتى وصل الى القتال بينهم، وبيان موقف أهل السنة والشيعة حول هذه الوقائع التاريخية.

Mawlana's stance on the Companions, Followers, and Imamate

The poet Mawlana's views on the Companions, Followers, and Imamate are discussed in this study. It also talks about the disagreement that broke out among the Companions both during and after Ali ibn Abi Talib's rule, which resulted in violent altercations and warfare. In addition to being a renowned poet, Mr. Abdul Rahim Mawlana is a superb scholar in the transmitted and intellectual parts of Islamic studies. He interacted with experts from the Shia community when visiting the frontiers of the Ardalan Emirate in eastern Kurdistan, both during and after his studies. He and Shia scholars engaged in dialogue on a wide range of contentious matters concerning Sunni and Shia, particularly the disagreement that developed between them during Ali ibn Abi Talib's caliphate and afterwards, which resulted in fighting between them, as well as the positions taken by Sunnis and Shia on these historical occurrences.